

ئەرخەوان :

# هەر کەس لەئاستی خۆیەوە کتێبو نامیلکەی شیعری دەخاتە بازاڕەوە

**پرسیار: ئەرخەوان لەکەیەوە شیعر دەنووسیێ، یان خۆشەویستی بۆ شیعر دەگەڕێتەوە بۆ کەی ؟**

وەڵام/ خولیای شیعر لای من ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منالێم کە بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا حەزم بە خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعر ئەکرد، کە لە قوتابخانە کتێبمان وەرئەگرت یەکسەر بە دوای شیعرەکاندا ئەگەرام و ئەم خوێندنەوە، هەروەها لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا یەکەم شت کە ئەمخوێندەوە هەر شیعر بوو. پاشان هاتمە سەر ئەوەی کە منیش شیعر بنوسم و هەر لە قۆناغی ناوەندیدا دەستم کرد بە نوسینی هەندێ هۆنراوە، بۆیە ئەڵێم هۆنراوە، چونکە ووشەم ڕیز ئەکرد و وەزن و قافیەم بۆ دائەنان، ئەوانە لە ڕاستیدا شیعر نەبوون، هەوڵدان بوون، دواتر وردە وردە کەوتمە نێو دنیای جوانی شیعرەوە و لە هەموو بابەتە شیعریەکانم نووسی وەکو شیعری نیشتمانی و کۆمەلایەتی بۆ هەژار و کرێکار و مافی ژن و ئەو بابەتانەی ئەو کاتەی ئێمە لە ژێر کاریگەری مارکسیەت دا لامان بەبەهاو گرنگ بوون. پاشان هەندێ وەسف و خۆشەویستی تا هەستم کرد، شیعرەکانم لە شیعر ئەچن کۆمەلێکم لێ چاپ کردن بە ناوی ((خۆشەویست))ساڵی 1972، بەپەلە بووم لە چاپکردنی ئەو کۆمەلە شیعرەدا بۆ ئەوەی یەکەم کچ بم لە ناو شاری سلێمانیدا کۆمەڵە شیعرێك چاپ بکەم. حەز ئەکەم ئەو وتەیەش بە درۆ بخەمەوە کە ئەڵێن کچانی شاعیر دوای شووکردن ئیتر واز لە شیعر ئەهێنن و بەردەوام نابن ئەوە من تا ئەم تەمەنە هەر بەردەوامم لە شیعر نوسین و هیچ گیروگرفتێکی ژیان نەی توانی وام لێ بکات واز لە شیعر بێنم چونکە خۆم خواست و ویستم وابوو کە شیعر بنووسم.

**پرسیار: وەك کەسێکی خاوەن ئەزموون لەبواری نوسین وئەدەبیاتدا چۆن لە شیعر ئەڕوانیت ؟**

و/ بە پێی ئەزمونی چەندین ساڵەم لە بواری ئەدەب و نوسین و خوێندنەوەدا، ئەتوانم بڵێم شیعر ئەو جیهانەیە کە شاعیر بە هەر ڕەنگێ خۆی بیەوێ ڕەنگی ئەکات و بە ئازادی یاری بە وشەکانی ئەکاو زمانێك دائەهێنێ کە لە زمانی ئاسایی ناچێت جوانیەك کەشف ئەکا کە کەسانی ئاسایی نایبینن .هەست و سۆزێ ئەوروژێنێ کە هەر شیعر ئەتوانێ ئەو کارە بکات. لە قولایی هەست و نەست و ناخ وهۆشیدا چرایەك دائەگیرسێنێ و شتە نەبینراو و نهێنیەکان ئەخاتە ڕوو، شیعر دنیایەکی ئەفسانەیی پڕ لە جوانی و هەست و خەیاڵ و فکرو فەلسەفەیە، ئەو دنیایەی نە سنوری هەیە و نە ڕێگر دنیایەکە ڕەها تا ئەو پەڕی ڕەهایی.

**پرسیار: ئاستی شیعری گەنجان لە ئێستاو ڕابردوودا وەك یەکە یان جیاوازی هەیە ؟**

وەڵام/ گەنجی ئێستا بواری باشیان بۆ ڕەخساوە بۆ خۆ پێگەیاندن ئەم سەردەمە، سەردەمی تەقینەوەی زانیاریەکانە، کتێبی زۆرو بێ شوماری هەموو دنیا بە ئاسانی دەست ئەکەوێ، بە هۆی ئەو ئازادیەی ئەمڕۆی کوردستانەوە، لە هەموو لایەکەوە کتێب بەبێ سانسۆر دێتە کوردستانەوە، لە سەردەمی ئێمەدا ئەوە نەبوو کتێب و نووسین قورسترین سانسۆری لەسەر بوو، حکومەتی ئەو سەردەمە ڕێی نەئەدا هەموو کتێبێ بێتە عێراقەوە لە وانەشی کە ئەهاتنە عێراقەوە نیوەی زیاتر ڕێی پێ نەئەدرا بێتە کوردستانەوە، ئێمە دابڕابووین لە جیهان، بە پێچەوانەی ئێستاوە کە جیهان بەهەموو فراوانی خۆیەوە بەهەموو زانستی و ڕۆشنبیری و کلتور و فکرو فەلسەفە و هونەریەوە لە ماڵەکانماندایە بەهۆی کەناڵە جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە و لەسەروو هەموویانەوە ئینتەرنێت. گەنجی ئەمڕۆ کە ئەم هەموو ئیمکانیاتانەی لەبەر دەستایە گوناهە موبدع نەبن، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا هەندێکیان لەو ئاستەدا نین کە پێویستە تێیدا بن. سەردەمی ئێمە سەردەمی خوێندنەوەی جدی بوو، خوێندنەوە بەشێك بوو لە خەبات و تێکۆشان و ڕقە بەرایەتی کردنی ڕژێم، نوسین مانای هەبوو ئامانجی هەبوو، بگرە چەکێ بوو شان بە شانی چەکی دەستی پێشمەرگە خەباتی پێئەکرا. ڕژێم لە قەڵەمەکانیان ئەترساو چەندین جۆر سانسۆری بۆ دانابوون. نووسەر هەمیشە لە مەترسی گرتن و کوشتندا بوو، بەڵام ئێستا بەم هەموو ئازادیەوە گەنجەکان ئەو حیماسەی گەنجی ئەو کاتەیان نیە، بێگومان بێجگە لە هەندێکیان کە هیوا بەخشن.

**پرسیار: شاعیرانی ئەم سەردەمە بە زمانێکی زۆر ئاڵۆز ئەنوسن، بەڵام شێوازی شیعری تۆ دوورە لەو ئاڵۆزیە بۆ؟**

وەڵام/ ئاڵۆزی لە شیعردا مانای ئەوە نیە، ئەو شیعرە زۆر شیعرێکی بەرز و بێهاوتایە، هەروەها سادەیی و ساکاری زۆریش لە جوانی شیعر کەم ئەکاتەوە. شیعری زۆر ئاڵۆز خوێنەر بێزار ئەکا. شیعری ساکاریش تام و چێژی نیە، شیعر ئەبێ بە زمانێکی وا بدوێ کە خوێنەر لێی تێ بگا و چێژیشی لێ وەربگرێ. شیعرەکانی من ئەگەر بەلای تۆوە دوورە لە ئاڵۆزی هێشتا هەندێ کەس لە مەبەستەکانیان تێناگا تۆ لە شیعردا بۆ مانا و مەبەست ئەگەرێی لە پشت وێنە شیعریەکانەوە لە پشت وشەکانەوە لە دوو توێی دێڕەکاندا شاعیر ئەدۆزێتەوە. ئێستا دووبارە شیعر بەرەو دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی ئەگەڕێتەوە. بۆ نمونە گەورەترین شاعیر و نوسەری عەرەب کە بە زمانێکی قورس و ئاڵۆز ئەنوسێ ((سەلیم بەرەکاتی بەڕەسەن کوردە))خوێنەرێکی یەکجار کەمی هەیە چونکە تێی ناگەن، ئەمڕۆ زەمەنێکی سەرقاڵ و کەم کاتیە کەس بواری ئەوەی نیە بە قاموسەوە شت بخوێنێتەوە. یان چەند جار بابەتێ بخوێنێتەوە تا تێی ئەگا. جاران توانای شاعیر لەوەدا بوو کە شیعرێ بنوسێ چەندین جۆر ڕاڤەی بۆ بکرێ وەکو نالی و محوی ئێستاش کەم کەس لە شیعرەکانیان تێئەگا. من وەکو خۆم شیعرەکانم نە بە زۆر ئاڵۆز و نە بە زۆر سادەیان ئەبینم.. ئەتوانی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر شیعرەکانم کراون بیان خوێنیتەوە.

**دیدار/ ڕۆژبین**

---

**جەبار سابیر**

## مەسەلەی باوەشێنەکە

پێموابێ لەدووی ناوەندی یاخود پێشترو لەقۆناغی ئامادەیشدا لەوانەی مێژوودا باس لەمەسەلەی باوەسشێنەکە کراوە کەگوایا لەجەزائیر کۆنسوڵی فەڕەنسا نازانم باوەشێنی بەرکەوتووە یاخود باوەشێنی بەخەڵك کێشاوە ئێستاش هەر حاڵینەبوومو پێموایە کەسیش لەو مەسەلەیە حاڵی نەبووە. بەهەرحاڵ، من دەمەوێ لەپەنای ئەو بابەتەوە بڕۆمە سەر بابەتێکی تر ئەوەش مەسەلەی هەڵکردنو هەڵنەکردنی ئاڵای عێراقە لەکوردستان. بەتایبەت لەوەختێکی وادا کە کارەبا ڕۆژانە دەچێتە ئاوو سوتەمەنیش هەر دەست ناکەوێتو یەك بیست لیتر بەنزین گەیشتۆتە بیست دۆلار. ئەم بڕیارە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە دەرچوو بەماوەیەکی زۆرکەم وەك تۆپ لەعێراقو وەتەنی عەرەبیدا تەقییەوەو شیعەو سوننەی عێراقی کردە یەك لەدژی کورد. یەکێتیو پارتی تادەمی روخانی بەعسیش ماوە ماوە لەسەر هەڵکردنی ئاڵای عێراق مشتومڕیان بوو، کاتی خۆی (شێرکۆ بێکەس) وەزیری ڕۆشنبیری بوو لەسەر هەڵکردنی ئاڵای عێراق کەئەوکات پارتی پێی لەسەر دادەگرت دەستی لەکارکێشایەوەو تاساڵی دووهەزاریش لەهەموو دەڤەری پارتیدا ئەو ئاڵایە هەبووە، دواتر لای یەکێتیش بەهەمان شێوە هەڵکراوە.

بەبڕوای من گرفتەکە لەهەڵکردنو نەکردنی ئاڵاکەدا نییە ئەوەندەی گرفتەکە لەوەدایە کەلەم کاتو ساتەدا ئەو بابەتە هەستیارە جگە لەفرۆشتنی کوردایەتی بەخەڵك شتێکی ترنییە! ئێمە لەهەزار گرفتی ڕۆژانەی تردا چەقیوین ئیتر ئاڵایەك چی بۆئێمە دەکات، دواتر ئێوە خۆتان بەبەشێکی لێك جیانەبووەوەی عێراق دەزان ئیتر بۆچی ئاڵاکەی قبوڵ ناکەن؟ بۆچی قاسم لەسەدام پیاوترو کورد دۆساتتر بوو ئێوە ئاڵاکەی هەڵدەکەن؟ هەر ئێوەنەبوون دژی قاسم شۆڕشی ئەیلولتان بەرپاکرد؟ کوردایەتی ئەمڕۆ ئەوەنیە هەموو عەرەب بکەیتە دوژمن لەسەر ئاڵایەك بەڵکو کوردایەتی ئەوەیە دوو هۆدەو هەیوانێك بۆ بێ خانوویەك دابین کەیتو ڕۆژانە بیست لیتر بەنزین بەنرخێکی شیاو بۆ تاکسییەك دابین کەیت، لەسەر دزیو گەندەڵی چوار بەرپرس دارکاری کەیت.

ئەم میللەتە بەبەرییەوەنەماوە تکایە کێشەی تری بۆ دروست مەکەن، گەر ناتوان ژیانی بۆ دابین کەن هیچیتر مەیانکەنەوە بەگژ عەرەبدا چونکە جاری جاران نەماوە بەکلاشینکۆفێکی ژەنگاوییەوە بەرەنگاری حکومەت بیتەوەو بەرپرسەکانیشتان فێری ژیانی باوەشی شارو بوون لەبەر ئەوە کەس نییە شەڕتان لۆبکاتو خۆشتان پاسپۆرتەکە هالەگیرفانتاندا منیش ئامادەنیم لەسەر وڵاتێك شەڕکەم کەئێوە بەرهەمەکەی بچننەوەو بیکەنە دیاری بۆ ماڵو منداڵتان. ئەم هەڵلایە کاتی خۆی لەسەر ئاڵای کوردستانیش کرا ماوەك پارتی هەڵکی نەدەکردو ماوەیەکیش یەکێتی هەرکاتێك لەهەولێر ئاڵاکە هەڵکرایا لەسلێمانی دادەگیراو هەر کاتێکش لەسلێمانی هەڵکرایا لەهەولێر دادەگیرایەوە، ئیتر بەم شێوەیە ئاڵاکەش بوە لیبۆك بەدەست یەکێتیو پارتییەوە، ئێستاش دەیانەوێ کوردایەتیمان پێ بفرۆشنەوە...................؟؟؟؟؟

*Jabardllopa@yahoo.com*

---

## سەد ساڵەو پرچی نۆژەن دەبێتەوە

لەگوندی دنلەنجە (ماروت)ی سەر بە پارێزگای ڕها لە باکوری کوردستاندا ژنێکی تەمەن 100 ساڵی بە ناوی (حەوا یلدن) دەژی کە لەدوای سەد ساڵێەوە مووی نوێ لەسەری پەیدا بوونەتەوەو تاڵە مووە سپیەکانیشی ڕەش دەبنەوە. ئەو ژنە لەتەمەنی خۆیدا سێ جاران شووی کردووە، بەخت یاری نەبووەو هەرسێ مێردەکەی مردوون، خاوەنی 8 منداڵە. بە گوتەی خۆی هەرگیز نەخۆش نەکەوتووە. زۆریش حەزی لە سپیاتی (ماستو پەنیرو شیر)ە و بە لاوێتی زۆر ماستی خواردووە، لەوانەیە ئەمەش هۆکاری بوژانەوەی مووەکانی بێ.

---

## بەرزترین باڵاخانەی پەکین

بەڕێوەبەرایەتی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی وڵاتی چین بڕیاری داوە کە بەرزترین باڵاخانە بۆ وێستگەی ناوەندی تەلەفزیۆن لەشاری پەکین دروست بکات. ئەم باڵاخانەیە لە گەڕەکی چاویانگ بە بەرزی 234 مەتر دروست دەکرێ، بەمەش دەبێتە بەرزترین باڵاخانەی شارەکە. جاران باڵاخانەی ژین کوانگ کە بەرزییەکی 214 مەتر بوو بە بەرزترین باڵاخانەی شارەکە تۆمار کرابوو، بەڵام ئەم باڵاخانەیە 20 مەتر بەرزتر دەبێو بەر لە کۆتایی ساڵی 2007 تەواو دەبێ، بەمەش ناوبانگێکی گەورە بۆ خۆی پەیدا دەکاتو بە بەرزترین باڵاخانەی شارەکە دەناسرێتەوە

---

## مارێکی 90 کیلۆیی دەگیرێ

ڕۆژی 5-9-2006 لەنزیك گوندی کامپونگ لە 200 کیلۆمەتری شاری کوالالامپوری پێتەختی وڵاتی مالیزیا مارێکی گەورە کە توانای ڕۆیشتنی لە دەستدابوو، بە ئاسانی لە داوخرا. ئەو مارە درێژییەکەی 6 مەترو کێشەکەشی 90 کیلۆ گرام بوو، بەهۆی ئەوەی کە ئاژەڵێکی گەورەی قوتدابوو، لە جێگەی خۆیدا گیری خواردبوو، بەمەش بە ئاسانی گیرا. لەوێنەکەشیدا بەروونی دەردەکەوێ کە ئاژەڵێکی گەورەی قوتداوەو بۆی هەرس نەکراوە.

---

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

* دەڵێن زەوی لەناو شارەکاندا نەماوە، بە بڕیاریش دابەشکردنی زەوی ڕاگیراوە، بەڵام 5 پێشمەرگەی دێرین کە لە هەندەرانەوە هاتبوونەوە سەردانی سەرۆکی شارەوانیان کردبوو، ئەویش ڕێگەی پێشان دابوون تا بچن لە فلانە شوێن فەرمان بێنن، سەرەنجام شوێنی مەبەستیان دۆزیەوەو زەویەکانیان وەرگرت. ئەوان زۆر سوپاسی سەرۆکی شارەوانی دەکەن، چونکە جێگەی بڕیاری پێشان دابوون!

* دەڵێن کابرایەك لە وڵاتێکی ئەوروپا دادەنیشێ، پاڵپشتی بۆ هەر کەسێك دروست بکات، ئەگەر خۆشی لە کوردستان نەبێو یەك ڕۆژیش پێشمەرگایەتی نەکردبێو موستەحەقیش نەبێ هەر لە باشترین شوێنی هەولێر زەوی وەردەگرێ، بەو مەرجەی پێشتر 2 دەفتەر دۆلار بە کاکی ئەوروپا نشین بدات، ئەو دەڵێ: نیوە بۆ منەو نیوەش بۆ خاوەن بڕیار!!

* پیرەمێردێکی هەولێر دەیگوت: تەماشا!! ئەگەر بیانەوێ شت لە بیر خەڵکی ببەنەوە چۆن لەڕۆژنامەکاندا زەمی یەکتر دەکەنو یەکتر تۆمەتبار دەکەن، دواتر وەك جووتە برا لەسەری دیوەخان دادەنیشنو پێدەکەنن.

* لەشاری هەولێر هەندێ کۆمپانیا کاری خۆیان دەکەنو پارەی خۆیان وەردەگرن، ئەگەر شەقامێکی وەکو شەست مەتریش تێکبدەن چاکی ناکەنەوە، دەڵێن: ئێمە کاری خۆمان ئەنجام داوە، ڕاستە هەڵمان کۆڵیوە، بەڵام چاککردنەوەی لە ئەستۆی ئێمە دانیە!!

* بەرپرسێك دەیگوت: بەخوای چاکبوو هەواڵی بریندار بوونی سەرۆکی حکومەت بە درۆ دەرچوو، بەڵام هەقە سوپاسی ئەو ماڵپەڕو ڕۆژنامەیەش بکرێ کە ئەو هەواڵەیان بڵاو کردەوە، چونکە ئەگەر وا نەبووایە لەوانەیە مانگێکی دیکەش حکومەت بێ سەرۆك دەبوو!!

* وا باوە کەسێك دەکرێ بە ڕاوێژکاری بوارێك کە شارەزاییەکی باشی لەو بوارەدا هەبێ، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا کەسانی وا کراونەتە ڕاوێژکار کە هیچ زانیارییان لەو بوارەدا نیە. کەسێك ئەگەر وەرزشکارێکی لێهاتوو، یان دەرچووی کۆلیژی وەرزش نەبێ، چۆن دەکرێ بە بەڕێوەبەر یان بە ڕاوێژکاری وەرزش دادەمەزرێندرێن!!

---

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. 07301113061

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rojigel.tk
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
rojigel@hotmail.com
rpk93@hotmail.com